ئورفـا پێویسـت ناکـات، بـە پـیرۆزی و نەفرەتـەکانی خۆیـەوە گەیشـتۆتە سەدەی بیستەم، بەڵام بەرچاوترین و سەرنجڕاکێشترین وەرچـەرخان ئـەو پێشکەوتنەیە کە لەنێوان پیرۆزی و نەفرەتدا روویداوە.

کەلتووری ئورفا کە هێشتا زۆرترین پێداگری لەسەر پیرۆزی دەکات و لـەم پێنـاوەدا لـەنێو بەرخودانداپـە، بـەڵام لەراسـتیدا لەبەرچاوانیشـە کـە پـیرۆزی دووچـاری خیانــەتی هــەرە گــەورە بــووە. سیســتەمی درۆ و ســـتەمکاری کۆیلایـــەتی و دەرەبەگایـــەتی نـــاوەڕۆکی پیرۆزییـــان پووچکردووە. ئەم دەستەواژە شکۆدار و پڕواتایە تووشی داگیرکاری ئـەو نـــەفرەت لێکراوانــە بــووە کــە بــەردەوام کارەکتــەری دەســەڵاتدارێتی و چەوســانەوەیان گۆڕانکــاری بەســەردادێت. رەوشــێك دێتــە ئــاراوە کــە سەراوژێر و پێچەوانەکراوەتەوە. لەکاتێکدا ناوەڕۆکی راستەقینەی پیرۆزی مــۆرکی نـــەفرەت لێکراوانـــی لێـــدەدرێت، نەفرەتییـــە راســـتەقینەکانیش بەتایبەتمەنـدی پـــیرۆزی دادەپۆشـــرێن. رەنجـدەران دەخرێنــە پێگــەی نەفرەت لێکراوی، شوێنکەوتو (اتبـاع) و نـەوەکانی نـەمرودیش دەمـامکی پـیرۆزی دەپۆشـن. نـاوەوەی شـار و بـەکرێگیراو و نۆکـەرەکانی ناوچـە پێدەشــتەکان هــەزاران ســاڵە رێککــەوتنێکی خیانەتکارانــەیان لــەدژی رەنجدەرە راستەقینەکان ئەنجامداوە. پێویستە ئـەم رێککەوتنـە بەباشـی شــیکاربکرێت. تــا ئــەم رێککەوتنــە شــیکارنەکرێت، مەحاڵــە ئورفــا و

